


# دەمویست بە جگەرگۆشەکانم شاد ببمەوە

بەشی یەکەم

فەریدە. ع



کاتێ دادوەر بڕیاری جیابوونەوەی هەردووکمانی دا، پرسیاری لە چارەنووسی منداڵەکان کرد. من حەزم دەکرد جگەرگۆشەکانم بۆ من بن و مافی ئەوەم هەبێ کە لە گەڵیاندا بژیم، بەڵام چونکە براکەم پێشتر هۆشیاری کردبوومەوە کە نابێ باس لە منداڵەکانم بکەم، ئیتر بەچاوی پڕ لە گریانەوە رووم لە دادوەر کردو گوتم: گەورەم! ژنێکی بێدەستەڵاتم! توانای ئەوەم نیە بەرپرسیارێتی منداڵەکانم بگرمە ئەستۆ، با بە باوکیان بدرێن، بەڵام دەبێ منیش مافی دیتنی ئەوانم هەبێ. دادوەر سەرێکی لەقاند، دواتر لێمپرسی: (تۆ منداڵەکانت ناوێت؟! ). بێگومان حەزم دەکرد لە گەڵیاندا بژیم و ژیانی خۆم بۆ ئەوان تەرخان بکەم، بەڵام لەژێر هەڕەشەی براکەمدا ئەو رێگەیەم هەڵبژاردبوو، نەمدەتوانی لێی پاشگەز ببمەوە.

یەکەمین شەوی بەبێ منداڵەکان زۆر سەخت و دژوار بوو، خەوم لێنەدەکەوت، بە دزییەوە دەگریام و فرمێسکم هەڵدەڕشت، دەمزانی بینینەوەیان ئاسان نیە. داخەکەم تەنیا دایکم پەی بە ئازارەکانی من دەبرد، جار جارە دڵنەوایی دەکردم، بە داهاتوو دڵگەرمی دەکردم، کەچی ئەوانی دیکە یان ئاگایان لە خەم و کۆڤانەکانی من نەبوو، یاخود نەیاندەویست گوێ لە ناڵەو هاواری دەروونی من بگرن. خوشکەکانم لە ماڵی خۆیان بوون. براکەشم هێندە نەیدەدوانم، نەمدەزانی هاوخەمیم لەگەڵ دەکات یان نا؟!

مانگی یەکەم نەک هەرهەستم بە پەشیمانی دەکرد، ئەگەر لە ترسی براکەم نەبووایە سەری خۆم هەڵدەگرت و بەرەو لای منداڵەکان دەگەڕامەوە. ئاخر کێشەکەی ئێمە هی ئەوە نەبوو بە بنبەست بگات، رێگەچارەی ئاسان بوو، بەڵام کەللەڕەقی براکەم بەو رۆژەی گەیاندبووم. لە ماڵی ئێمەشدا براکەم هەمەکارەبوو، کەس نەیدەتوانی قسەی لە قسەیدا بکات. ئەوەی ئەو بیگوتایە رەتنەدەکرایەوە، ئەوەی ئەو بیویستایە دەبوایە سەربگرێ. براکەم رقی لە باوکی منداڵەکان هەڵگرتبوو، لە بەدبەختی مندا جارێکیان لەسەر شتێک بەیەک نەگەیشتین و بەشەڕ هاتین، من زۆر نەزانانە تۆرام و بەرەو ماڵی باوکم گەڕامەوە، بەڵام نەمدەزانی ئەمە دوایین تۆران دەبێ.

زیزبوونەکەی من بیانۆیەکی باش بوو،براکەم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئیتر خزمایەتی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا سوودی تێدا نەماوە، دەبێ لەیەکتر دوور بکەوینەوە، ئەو دەیگوت: تا خوشکەکەم لە لای ئەوان بێ، ئەو خزماتیە دەمێنێ، ئەمەش بەلای منەوە سەختە، ئێستا کە ئەوان خۆیان بەشەڕ هاتوون و خوشکەکەم زیزبووە، دەبێ کۆتایی پێبهێنین!!

پێداگری براکەم کۆتایی بە خزمایەتی نێوان بنەماڵەی ئێمەو ئەوان هێنابوو، بەڵام دوو منداڵی چاوگەش کۆڵەگەی هاوبەش بوون. منداڵەکان جگەرگۆشەی هەردووکمان بوون. بەوهۆیەشەوە رایەڵەی خزمایەتیمان نەدەپسا، ئەفسوس ئەو کاتە بیر لەو مەسەلەیە نەکرایەوە.

ژنبراکەم بەرەو رێگەیەکی دیکە هانی دەدام، ئەو پێیوابوو تا چەند زووتر شوو بکەمەوە، ئەوەندە زووتر ئاسودە دەبم. ئەو بە ناوی براکەمەوە قسەی دەکرد. براکەم جارێک ئەو مەسەلەیەی لای دایکم باسکردبوو، پێیگوتبوو: هەر سێ مانگە تەواو بکات بە شووی دەدەمەوە. دەیان کەس دەستی ماچ دەکەن!!

خەمی دووری منداڵەکانم دەیسووتاندم، جەستە و دەروونی هەڵدەتەکاندم، خواردن و خەوی لێحەرام کردبووم، دایکم هەوڵی دەدا رێگەی ئەوەم پێبدرێ لە جێگەیەک منداڵەکان ببینم، بەڵام براکەم بروبیانۆی دەهێنایەوە، وای بەباش دەزانی کە بەیەکجاری لە بیر خۆمیان بەرمەوە. باوکی منداڵەکانیش حەزی نەدەکرد من ببینن، پێداگری براکەم تەرازووی ئەوی قورستتر کردبوو. جارێکیان پووری منداڵەکان بە دزییەوە سەردانی کردین، وێنەی منداڵەکانی بۆ هێنابووم کە لە سەیران گرتبوویان، ئای کە جوان بوون!! باسی ئەوانی بۆ کردم. من قورگم نووسابوو، گریان رێگەی پێنەدەدام پرسیاری زۆری لێبکەم، کەچی ئەو وایدەزانی من خەمی جگەرگۆشەکانم نیەو دەمەوێ لە بیریان بکەم.

پوورەکەیان ژنێکی هۆشمەندو خوێندەوار بوو، پێشتر پێوەندی نێوانمان زۆر خۆشبوو. ئەو داخباری خۆی بۆ جیابوونەوەمان هەڵدەڕشت. نیگەرانی چارەنوسی منداڵەکان بوو، دەیگوت: ئەگەر باوکیان ژن بێنێتەوە، من دەیان بەمە لای خۆم و بەخێویان دەکەم!

من دەمویست دەرفەتێک بڕەخسێ و بۆ چرکەساتێک چاوم پێیان بکەوێ. پوورەکەیان ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندین، کاتی دیدارمان دانا، رۆژێکیان من چووم بۆ ماڵی خاڵم، پوورەکەیان هات و ئەوانیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هێشتا سێ مانگ تێپەڕ نەببوو، وەلێ مخابن خۆیان نەناس دەکرد. نەمدەزانی باوکیان ئامۆژگاری کردبوون و ئەوانی ترساندبوو، یان هەر خۆیان منیان فەرامۆش کردبوو؟! ئەوە کۆستێکی گەورەتر بوو. باوەڕەم نەدەکرد کە جگەرگۆشەکانم نامۆییم لێبکەن و خۆیان دەباوەشم ناوێن.

من ماوەیەکی باش لە ئامێزم گرتن و بۆنم پێوەکردن. ئۆخژنی دەروونم دارشت. براکەم ئاگای لەمە نەبوو، بۆیە بەپەلە گەڕامەوە ماڵ، ئەمجارەیان خەم و کەسەری دیکەش زیاد بوون، ترسم لەوە هەبوو کە ئیتر منداڵەکان نەمناسنەوە، رقم لێهەڵبگرن وفەرامۆشم بکەن.

من لەنێو دەریای خەم و پەژارەدا سەوڵی ژیانم لێدەدا. رۆژ دوای رۆژ دیواری نێوان من و منداڵەکانیش بەرزتر دەبوو. دەرفەتی دیدارمان بۆ نەدەرەخسا. ژنبراکەم هانی دەدام تا هەرچی زووترە شوو بکەمەوەو جارێکی دیکەش بەختی خۆم تاقی بکەمەوە. منیش لەنێو ئەو هزرانەدا دەژیام. راستیەکەی من باوەڕم بە شووکردنەوە نەبوو، بەڵام دانیشتنی بەو شێوەیەش بێزاری دەکردم. هەم چاوشۆڕی براکەم بووم کە بەخێوی دەکردم هەمیش ترسی دوای دایک و باوکمیان بۆ رادەنام، دەیانگوت: خۆ دایک و باوک تا سەر بۆ منداڵ نامێنێ! ئەوەندەت خۆشیە تا دایک و باوکت ماون، دوایی لەبن دەستی ژنبرا دەکەوی! دەتکاتە خزمەتکاری منداڵەکانی خۆی! باشتروایە بیر لە خۆت بکەیتەوە، خوا دەرگەیەکی داخستووە، هی دیکە دەکاتەوە. هەموو خزمان هانیان دەدام تا هەرچی زووترە شوو بکەمەوە. نازانم بۆچی لەو کاتانەدا دەیان کەس دێنە پێشەوەو سنگ دەردەپەڕینن و خۆیان بە دڵسۆز و خەمخۆرت دادەنێن. دەیان کەس خۆیان نزیک دەکردەوەو دڵسۆزی خۆیان پێشان دەدام. دڵسۆزی و دڵنەوایی ئەوان جگە لە هاندان بۆ شووکردنەوەو دۆزینەوەی پیاوی ژنخواز شتێکی دیکە نەبوو. لەو سەروبەندەدا هاوسەری برای ژنبراکەم لەسەر منداڵبوون کۆچی دوایی کرد.

ئێمە بەشداریمان لە پرسەکەیدا کرد. منداڵی بێدایک و هەتیووم بینی کە چۆن بێناز کەوتبوون. دڵم بۆیان دەسووتا. لە باوەشم دەگرتن و ماچم دەکردن. هێشتا یەک مانگ بەسەر مردنی ئەو ژنە تێپەڕی نەکردبوو کە ژنبراکەم بابەتی ژنهێنانەوەی هێنایەگۆڕێ، بەکوردی منی بۆ براکەی خۆی خوازبێنی کرد. براکەی هەم لەمن گەورەتر بوو، هەمیش چوار منداڵی هەبوو. من لام سەیر بوو! ئاخر هێشتا چلەی مەرگی نەکرابوو،کەچی شووەکەی بیری لە ژنهێنانەوە کردبۆوە. باوکی منداڵەکانی منیش ٥ مانگ زیاتر بوو کە جیاببووینەوە کە چی ژنی نەهێنابۆوە، ئەمەش دەیان پرسیاری لەلای من دروست دەکرد.

ژنبراکەم باسی دەوڵەمەندی و پیاوەتی براکەی خۆی دەکرد. ئێمە هەموومان براکەی ئەومان دەناسی. پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام لە ریزی منیش دانەبوو. هەم زۆر لەمن گەورەتر بوو، هەمیش چوار منداڵی هەبوو.

# منداڵ و توندوتیژی

م: شیلان عەبدوڵڵا

لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا سیستەمی پەروەردە بایەخ و کاریگەری زۆر گەورە لەسەر تاک و کۆی کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە دەمەوێت ئاماژە بەسیستەمی پەروەردەی ئەمرۆی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەم.

ئایا سیستەمی پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر ئاستی منداڵان و نەوەی نوێی ئەمرۆ تا چ رادەیەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر شێوازی نەرم و نیانی و لەخۆبوردوویی کارێکی بنەرەتییە، بۆ پێگەیاندنی منداڵێکی بەرەوشت.

هیچ کاتێک ئازایەتی نییە گەر منداڵەکانمان لە سەر ئاستی شەڕانگێزی یان توندوتیژی پەروەردە بکەین. دەبێت لەهەمووکات و ساتێکدا بیر لەوە بکەینەوە کە منداڵەکانمان بەدوور بگرین لەجنێودان و شەڕوشۆڕ، کەواتە جنێو بەهەموو شێوەکانییەوە هەر جنێوەو وشەیەکی ناشیرینە دەبێ هەندێ جار لە ماڵیشدا بەکار نەیەت، بەڵام لەلایەن منداڵی کۆڵانەوە بەکاردێت ئەوکات ئەویش فێر دەبێت.



دووبارە دەبێت لەسەر ئەوە رابهێنرێت کە ئەو وشەیە بە کارهێنانی هەڵەیە.

ئەگەر بمانەوێت رووبەڕووی توندووتیژی ببینەوە کە تەنگی بە منداڵەکان هەڵچنیوە، دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دێڕەی سەرەوە دەبینین کە هەر خۆمان منداڵ لەسەر توندووتیژی رادەهێنن و فێری دەکەین کە چۆن کەسایەتییەکی توندووتیژ و شەرانگێزو توندڕەوی بۆ هەڵدەبژێرین. بۆ نموونە کێشەی نێوان دایک و باوک کە زۆر کاریگەرە بۆسەر دەروونی منداڵ هەندێ جار وا لە منداڵ دەکات کە لاساییان بکاتەوە. یان کاتێک منداڵ لەماڵدا زەرەر دەدات یان لاسارییەک دەکات یان چەند شتێکی تر راستەوخۆ لەلایەن دایک یان باوکەوە بە لێدان وەڵامی کردارەکەی دەدەدرێتەوە. کاتێک منداڵەکەت سکاڵای خۆی بۆ دایک یان باوک دەبات دەڵێ: هاوڕێکەم لێیدام تۆش بێ هیچ بیرکردنەوەیەک دەڵێیت ئەی تۆ چیت کرد لێت نەدایەوە. بەمەش منداڵ بەو جۆرە لێدوانانە شەڕانگێز دەردەچێت یان ئەگەر بە پێچەوانەوە منداڵەکەت کاتێک شەڕ دەکات و دەستی خۆی دەوەشێنێ نابێت دەستخۆشی لێبکرێ و بۆ کارەکەی پێبکەنی.

دایک یان باوک گەر بیانەوێت توندووتیژی لەمنداڵدا بنەبڕبکەن ئەوا کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵکو زۆر زەحمەتە چونکە هەر لە فلیم کارتۆنەوە تا دەگاتە هەواڵ و دراماو فلیم هەموویان توندووتیژی و کوشتنی تێدایە.

یان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرو چەند یارییەکی تری منداڵ کە چەندین جۆری دەمانچەو تەقەمەنی و شتی تر کە منداڵ لەگەڵیاندا بەشەڕدێت و چەند جارێک بەسەر ئامێرەکاندا زاڵ دەبێت و چەندین کوژراو و بریندار لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو یان زەرەر لەکەلوپەلی ناو ماڵی یاریەکان دەدەن، بەمەش خۆشحاڵ دەبێت. تەنیا منداڵەکان بەو یاریانە خۆشحاڵ نابن، هەندێ جار هەرزەکارەکانیش دەگرێتەوە کە زۆر بە پەرۆشەوە خۆیان بۆ ئەو یارییە ئەلیکترۆنیانە ئامادە دەکەن وەک ئەتاری و پلەیستەیشن و چەند ئامێرێکی تر. کەواتە دەبێ منداڵ لەو جۆرە فلمانە دوور بخەینەوە و دەبێ نارەزایی دەرببڕین لە بەرامبەریان و بەقێزەوەن ناویان بهێنین یان لەگەڵیاندا بەشداربین و لەسەر رووداوی ناو فلمەکان بڕۆین لەگەڵیان چونکە هۆکاری شەڕو کوشتنی لێدەکەوێتەوە.